# هاوڕێیەکم بوو لەخۆم دەچوو

**مەهدی زریان**



تازانم کەی بوو..
رامابووم لە ئەلبومی یادگارییەکانی خۆم و خۆت
لە پشتی وێنەکانی تۆدا..
ژمارەو مێژوویەک هەبوو
لە پشتی وێنەکانی مندا هیچ!!
وێنەکان..
لە هەموو شتێکدا جیاوازبوون
تەنیا لە یەک شتدا نەبێت!
ئەویش ئەوەبوو..
ئەوان لە سەردەمێکدا جێمابوون و
ئێمەش لە ئێستادا دووبارە دەبووینەوە!
لە وێنەیەکدا..
تۆ بەژێر بارانێکی زستانیدا پیاسەت دەکرد..
بەرەو بەهارێکی شێدارو شنەبات لەژێر پێیەکاندا راخستبوو!
منیش لەژێر چەتری گەرمی هاویندا!..

لە چاوەڕوانی پاسێکدا دەتوامەوە
ببات بەرەو سەفەرێک پڕ لە غوبارو گەڵاوەریوەکانی پاییز!
لە وێنەیەکدا..
تۆ بەسەر باڵی تەڕی هەورێکەوە نووستبوویت و
قەدەر دەتیبرد بەرەو ئاسۆیەکی گەش!
منیش لە کەناری شەوێکی بێ دەریادا..
لە کەشتییەکی بێ سەوڵدا بووم و
شەڕم بەبیابانەکانی ونبوون دەفرۆشت!
لە وێنەیەکدا..
تۆ لەژێر سێبەری سەوزی درەختێکدا راکشابووی
دەستی«با» میوە گەییوەکانی خۆشبەختی بۆ دەڕنیت!
منیش..
وەک منالێکی لاسار..
بەبالای درەختێک بێ گەڵاو میوەدا هەڵدەگەڕام
بێ ئەوەی بزانم بۆ ؟.
رامابووم لە وێنەکان.. بیرم دەکردەوە
بیرم لە سەرابەکانی رابردوو
لە گاڵتەکانی ئێستاو هیچەکانی داهاتوو دەکردەوە!
بیرم دەکردەوە..
لەو دەمەدا پێت وتم..
تۆ هەمیشە وابووی
خەونت بەتەمەنێکەوە دەبینی کە لەوێدا
باڵات لەمنارەیەک دەچوو پڕ لە داڕووخان!
بیرت لەوە دەکردەوە..
وەک رەشەبا کتێبە پیرۆزەکان بەریتەوە
بۆ ئەودیوی خەیاڵ و خوێندنەوە!
تۆ هەمیشە وابووی..
پێتوابوو گەر بەقووڵایی زەویدا رۆبچیت..
تەلیسمی تاریکی دەشکێنیت و
لە حیکمەتی تارماییەکان حاڵی دەبیت!
دەتویست بەژێر تریفەی سووری پڕ لە بەرائەتی منداڵیتدا..
بگەڕێیتەوە سەرەتای هیچەکان!

تۆ هەمیشە وابووی..
کەللەت ڕەقتربوو لە دیوارە بەردینەکانی حەقیقەت
بۆیە بەردەوام لە ئاوێنەکانی ڕۆژگاردا
ڕوخساری خۆت خوێناوی دەهاتە بەرچاو!
هەمیشە پێتوابوو
دەبێت لە پشتی دەریاکانەوە کەسێک هەبێ
تینوویەتی خاکی شەقارشەقاری خەونەکانت بشکێنێ!
پێتوابوو لە پشتی خۆرەوە..
خودایەک هەیە فێنکتر لە بێدەنگی و ئارامی!
تۆ هەمیشە وابووی!!،
بەسە ئیتر..
لە فەرهەنگی بێ مێژووی ونی ئەفسانەکاندا..
مەگەڕێ بۆ لەدایکبوونی ئادەم و ڕۆحی پڕ لە بەرائەتی عیشق و
سووتانی قەقنەس!
ئیدی لە بێدەنگی ئێوارەدا..
بەهێمنی سەری تەنیایی مەنی بەسنگی خۆتەوەو
بەسەریا تێر تێر بگریت! گوێ بۆ ئەو گۆرانییە خەماویانە مەگرە..
کە لە قووڵایی ئاسمانەکانەوە
دادەبارنە سەر باڵی فریشتەکانی نائومێدی
خۆ تۆ خودا نیت!!
بیر لە تەمەنی درێژی زەوی مەکەوە..
ئاسمانیش هێندە بەرین نییە
تا جێگای ئەم هەموو هاوارو قیژەیەی ببێتەوە
کە تووڕەیی ئەو ئاگرە بڕوانە..
چۆن خۆڵەمێشێکی سارد غروری دادەپۆشی؟!
ئەمەیە حەقیقەت!
بڕوانە ئەو دارهەنجیرە..
چۆن لەنێو ڕۆحی بەردینی ئەو شاخەوە
دێتەدەرێ و لە بەرزییەوە
دەڕوانێتە باڵای ئەو درەختە بەنازانەی داوێنی کێو؟!
تەنیا ئەمەیە حەقیقەت!!